سوریا...درێژکردنەوەی ڕاگرتنی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی حەلەب تا کاتێکی نادیار



دەستەی گشتیی فڕۆکەوانیی مەدەنیی سووریا، بڕیارێکی بە پەلەی دەرکرد بە ڕاگرتنی سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی حەلەب و جەخت دەکاتەوە کە بڕیارەکە تا کاتێکی نادیار کاری پێ دەکرێت.

ئەمڕۆ شەممە 10ـی کانوونی دووەمی 2026، دەستەی گشتیی فڕۆکەوانیی مەدەنیی سووریا، لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمیدا ڕاگرتنی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی حەلەب درێژ کردەوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، ئەم بڕیارە تا کاتێکی نادیار کاری پێ دەکرێت، ئەگەر هەر بڕیارێک بە دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان درا، ڕێکارە فەرمییەکان بڵاو دەکرێنەوە و هاووڵاتیان ئاگادار دەکرێنەوە.

ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی حەلەب، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ماوەی پێنج ڕۆژە سوپای عەرەبیی سووریا بە فەرمانی ئەحمەد شەرع، هێرشی سەربازییان بۆ سەر هەر دوو گەڕەکی کوردی؛

"ئ□ش□□فیی□ و ش□خ م□قسوود" ل□ ح□ل□ب، د□ست پ□کردوو□.